# تایەر بەگی جاف
## لەناو
## غەزەلە شیعرییەکانیدا.!





**کامەران سوبحان**

**1**

تایەر بەگی جاف، یەکێ لەو شاعیرە کوردانەی بەشی زۆری شیعرەکانی فەوتاوون، بەتایبەتیش شیعرە عەرەبی و فارسییەکانی. لە کەشکۆڵ و دەستنووسی هەندێ سەرچاوەی کوردیدا شیعرەکانی تایەر بەگ، وشە و دێڕی بە شێوەی جیاواز نووسراوەتەوە. بەتایبەتیش ئەو دیوانانەی شاعیر کە لە 30 ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵات چاپکراونەتەوە، جیاوازیی زۆر لە شیعرە کوردییەکاندا هەیە.!

تایەر بەگی جاف، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە و چەندین شیعریی بەو زمانە نووسیوە. هەر چەندە باوک و دایکی (سەسمان پاشای جاف و عادیلە خانم) کە دەسترۆیشتووی عەشرەتی جاف بوون، حەزیان کردووە، تایەر بەگ، بەدەر لە شیعر نووسین و ئەدەبیات، بەرپرسیارێتی دەوڵەتی و خێڵەکەشیان وەربگرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە خۆی، حەزی بە شیعر نووسین و کاری ئەدەبی بووە. 43 ساڵ ژیاوە، بەڵام سەدان شیعری فارسی و کوردی جوانی نووسی.

بەداخەوە زۆرینەیان کۆنەکراونەتەوەو ون بوون.!

کاتێک عوسمانییەکان بە فەرمی بنەماڵەی جاف لە هەڵەبجە و شارەزوور و گەرمیان دەکەنە بەرپرسیاریی یەکەمی ناوچەکە، وەسمان پاشای جاف و عادیلە خانم زۆر هەوڵ دەدەن هەردوو کوڕەکەیان (تاهیر بەگ، ئەحمەد موختار) بەشێک لەو بەرپرسیارێتییە، بخەنە سەرشان و هاوکارییان بن لەو کارەدا. ئەحمەد موختار هاوکارییان دەبێت، بەڵام ( تاهیر بەگی جاف) بە نابەدڵی یەک دوو ساڵ کاروباری ناوچەکە دەگرێتە دەست، بەڵام هەر زوو واز دەهێنێت و خۆی بۆ شیعر و غەزەل و کۆڕ و کۆبونەوەو میوانداریی دیوەخانەکەیان یەکلایی دەکاتەوە. ساڵێک لەکاتی کۆکردنەوەی بەروبومی دانەوێڵەی جوتیارانی ناوچەکەدا، وەسمان پاشا پێی دەڵێت» تاهیر، کوڕم برۆ بۆ دەشتی شارەزوور تا سنووری گەرمیان بەرهەمی باجی دانەوێڵەی جوتیاران، کۆبکەرەوە.»

پاش چەند ڕۆژێک لە پشتگوێخستنی ئەم داواکارییە(تایەر بەگ) بە



**تاهیر بەگی جاف، لەپاش مردنی لەساڵی 1918 چەندین جار دیوانە شیعرییەکەی چاپکراوەتەوە. هەرجارەی بە کۆمەڵێك کەمو کورتی، باسکردن لە چاپکردنی دیوانێکی شیعریی کە سەرجەم شیعرەکانی تایەر بەگی تێدا کۆکرابێتەوە جۆرێك بێت لە مەحاڵ و ئەستەم. ئەمە جگە لەوەی دەبێت لە دوو توێی چەند بەرگێکدا کۆ بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئاماژەمان پێدا بەشی هەرە زۆریان لە کاتی خۆیدا و پاش مردنی فەوتان و کۆ نەکرانەوە**

شیعرێک وەڵام دەداتەوە کە ئەوە کاری ئەو نییە و ئەو نایەوێت ئەو کارانە بکات، ئەو دەیەوێت شاعیر بێت و بەس:

**سەد کە پاشای، حەز بکەی هەر جۆر موکافاتم ئەدەی**
**من قسەی حەق هەر ئەکەم سا چۆن موجازاتم ئەدەی**
**من بە تەختی خوسرەو و جامی جیهانی تێ ئەگەم**
**تۆ بەمەئموور و ئیـــــعانەی دۆم و خەراتم ئەکەی**
**من بە سەد مننەت، لە نەخلی لێوی یاری خۆم ئەخۆم**
**تۆ بەشاگردی دوکـــــــــانی مەروەقە و نانم ئەکەی**
**من ڕەزا نابم، بە نانی گەندومی ئادەم فەریب**
**تۆ ئومێدی کوورەخانەی نانەواخـــــانم ئەکەی**
**من لە شاهی خاوەنی فێڵ و عەلەم پەروام نییە**
**تۆ بە ژێر دەستی پیادە و ئەسپەوە ماتم ئەکەی**

## 2

تاهیر بەگی جاف، لەپاش مردنی لەساڵی 1918 چەندین جار دیوانە شیعرییەکەی چاپکراوەتەوە. هەرجارەی بە کۆمەڵێک کەمو کورتی، باسکردن لە چاپکردنی دیوانێکی شیعریی کە سەرجەم شیعرەکانی تایەر بەگی تێدا کۆکرابێتەوە جۆرێک بێت لە مەحاڵ و ئەستەم. ئەمە جگە لەوەی دەبێت لە دوو توێی چەند بەرگێکدا کۆ بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئاماژەمان پێدا بەشی هەرە زۆریان لە کاتی خۆیدا و پاش مردنی فەوتان و کۆ نەکرانەوە. لە نێو چەندین کەشکۆڵی کۆنی کوردیدا، شیعری تایەر بەگ هەیە، بەڵام بە خەتێکی هێندە ناشیرین شیعرەکانی نووسراونەتەوە، پسپۆڕی خۆی دەوێت بتوانێت بیخوێنێتەوە.

یەکەم چاپکردنی دیوانی شیعریی تایەر بەگی جاف، لە ساڵی 1936 بوو لە چاپخانەی (ژین) لە سلێمانی کە لەلایەن گیو موکریانییەوە کۆ کراوەتەوە. پاش دوو ساڵ جارێکی تر ئەم دیوانە چاپ کرایەوەو دواتریش لە ساڵی 1966 جارێکی تر مامۆستا گیو موکریانی لە چاپخانەکەی خۆی لە هەولێر دیوانەکەی چاپی کردەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیوانەی کە گیو موکریانی چاپی کرووە، کەمو کورتی و هەڵەی چاپی زۆرە. دیارە ئەم دیوانە شیعرییەی تایەر بەگی جاف سودی زۆر بینراوە لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکانی (عەلی کەمال باپیر ئاغا) کە خۆی لە ژیاندا بەشی زۆری شیعرەکانی تایەر بەگ و ئەحمەد موختاری بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە. بەدەر لەمانە، تا ئێستا چەندین دیوان و چاپی شیعری تایەر بەگ لەباشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ بووە. لە چەندین کەشکۆڵی شیعریی کۆنیشدا، شیعریی ئەم شاعیرە هەن و تا ئێستا چاپ نەکراون.

ئەوەی من لەم ماوەیەدا کارم لەسەر شیعرەکانی تایەر بەگی جاف کردووەو بەدواداچوونم بۆ هەندێ لە شیعرەکانی کردووە، بە بۆچوونی خۆم پاکترین و کۆکراوەترین دیوانی تایەر بەگی جاف، تا ئێستا دیوانێکی دەستنووسی(300) لاپەڕەییە کە هەردوو نووسەر و توێژەر(محەمەد ڕەشید ئەمینی -پاوە و کاروان عوسمان خەیات-ڕێبین) بە هاوبەشی کۆیان کردووەتەوەو پەراوێزیان بۆ نووسیوەو پێداچوونەوەو بەراوردکارییان بۆ شیعرە کوردی و فارسییەکانی شاعیر کردووە. ئەم دیوانە کە ئێستا چاپ نەبووە، دەکرێت بە یەکێک لە پوخترین و کۆکراوەترین دیوانی تایەر بەگی جاف ئاماژەی بۆ بکرێت. ئەوەی لای من گرنگی و بایەخی ئەم دیوانەی تایەر بەگی جاف دەردەخات، کۆکردنەوەی کۆمەڵێ شیعری تایەر بەگە، کە



تەوەر

پێشتر، لە هیچ کام لەو دیوانانەی تایەر بەگدا، بڵاونەکراوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی زۆر وشە و دێڕ، لە دیوانەکەدا لەخوارەوە پەراوێزی بۆ نووسراوەو ساغکراوەتەوە، دڵنیام زۆر شیعری تریش ماوە، ئەم دوو توێژەرە دەستیان پێی نەگەیشتووە.

وەک ئاماژەمان پێدا، ڕەنگە تایەر بەگ بەشی سێ کتێبی گەورە شیعری بە زمانی فارسی نووسی بێت، بەڵام بەداخەوە لەو دیوانە شیعرییانەی کە تائێستا چاپکراون کۆمەڵێکی کەم لە شیعرە فارسییەکانی تێدایە.

## 3

شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلا کاکە حەمەی مەلا ئەحمەد ناسراو بە (ناری) دوو شاعیری کوردن بە بێ باسکردنی ئەم دوو شاعیرە و ئەزموونی شیعریی و شێوازی نووسینیان مەحاڵە بتوانین وەک خۆی تایەر بەگی جاف بخوێنینەوە. لە شیعرە فارسییەکانیدا، تایەر بەگی جاف زۆر سەرسام بووە بە ئەزموون و شێوازی نووسینی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە هەمانکاتیشدا هەر جارێک شێخ ڕەزای تاڵەبانی سەردانی عادیلە خانمی بکردایە لە هەڵەبجە، داوای لە تایەر بەگ کردووە شیعرە نوێکانی خۆی بۆ بخوێنێتەوە. لەم پەیوەندییەوە تایەر بەگ زۆر سەرسام دەبێت بە شیعری شێخ ڕەزا، یەکێک لەشیعرە پێنج خشتەکییانەی تایەر بەگ، لەسەر غەزەلێکی شێخ ڕەزا نووسراوە. غەزەلەکە لە هەشت بەشی پێنج خشتەکی پێکهاتووە. لە ڕووی وشەسازیی و زمانی شیعریی و وێنە و ڕێکخستنی وشەوە بە یەکێک لە غەزەل و شیعرە ئاستبەرزەکانی تایەر بەگ دادەنرێت:

**نەمدی کــــەرەتێك تاکە نیگاهێکی عەتاکا**
**بەم شـــــاهیی و والاییە لوتفێ بە گەداکا**
**لێی دوورە کە یەك ڕەسمی موسڵمانی ئەداکا**
**(ڕۆژێ نەبوو ئەو دوولبەرە بۆ ڕەحمە وەفا کا**
**جارێ نەبوو ئەو کافرە شــەرمێ لە خودا بکا)**

**** ****

**کاتێك کە پێی نایە ڕکێف، تاو لە خـەمی مرد**
**ڕۆیشت و خەم و فیکرمی  با دڵ لە گەڵی برد**
**ئێسکی لەشی من گشتی لە ژێر باری فیراق ورد**
**(کارێ کە غـــەم و دەردی فیراقی بە منی کرد**
**ســــەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا)**

زمانی ئەم غەزەلەی تایەر بەگی جاف بەراورد بە ئاستی زمانی نووسینی پەخشان و شیعریی کوردی لەو قۆناغەدا لە ئاستێکی بەرز و پڕ لە وێنە و ماناداا بووە. ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیاری شیعرەکانی تایەر بەگە.

هەر لەو کاتانەی کە  شێخ ڕەزا سەردانی ماڵی وەسمان پاشای جاف دەکات جارێک شێخ رەزا دەچێتە میوانی ماڵی  وەسمان پاشا،  بەڵام وەسمان پاشا خۆی لە ماڵ نابێت، کوڕانی وەسمان پاشا و عادیلە خان زۆر ڕێز لە شێخ ڕەزا  دەگرن،  ئەویش لەپای ئەو هەمو ڕێز و جوامێرییەی ماڵی وەسمان پاشا لەگەڵیدا نواندویانە، ئەم دێڕە شیعرە بەسەر عادیلە خاندا دەڵێت:

**قامەتت بێشك نەمامی عەرعەرە، یا سووسەنە**
**دەك فیدای ناز و گیشمەت بم، پەریزادەی سنە**

عادیلە خان زۆر خۆشحاڵ دەبێت، لەبری ئەوە، پاڵتۆیەکی بە

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

قیمەت و 200 قران دیاری دەبەخشێتە شێخ ڕەزا. لەو سەردەمەدا باو بووە شاعیران لە بری شیعرەکانیان دیارییان لە کەسایەتییە ناودارو بەرپرسەکان وەرگرتووە. بەو پێیەی تایەر بەگیش زۆر شارەزای زمانی شیعریی شێخ ڕەزا دەبێت و بە دایکی دەڵێت دایە لەبری ئەوەی خەڵاتی شێخ ڕەزا بکەیت دەبێت سزای بدەیت، چونکە هەر کەس پێی بوترێت (سنەیی) ئەوە تەشەر و جنێوە نەک ستایش کردن.!

لەبارەی کاریگەریی و پەیوەست بوونی شیعریی (ناری) و (تایەر بەگی جاف)یش، چەندین غەزەل و چوارینە و شیعریی هاوبەش و پرسیار و وەڵام لە نێوانیاندا بە زمانی شیعر هەیە. ئەمە جگە لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە هەمیشە وەک دۆست و هاوەڵ بوون. لە ئەزموونی شیعر نووسینیشدا لە نێوان (تایەر بەگ و ناری)دا چەند شیعرێک هەبووە کە وەک پرسیار و وەڵام. تایەر بەگ گومان و پرسیاریی هەبووە لەسەر ڕەفتاری موسڵمان و ئاین و بیروباوەڕ، بەشیعر نووسیویەتی و (ناری) وەک شاعیر و مەلایەک وەڵامی داوەتەوە، بەیتی یەکەمی پرسیار و وەڵامەکە شیعرییەکەی تایەر بەگ و ناری بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**خودا عەدلـــــی لەلای عارف عەیانە**
**بەحەققەت ئێمە گەللین، ئەو شوانە**
**لەبەر چی وا مەڕی خۆی مەردی چوپان**
**بەدەســـــتی خۆی ئەخاتە بەر نیشان؟**

****** ***

**ئەگەر موئمین بە حەققەت دۆستی حەققن؟**
**چییە حیکمەتی زەلیلی ڕووســــــــــیانە؟**





**موقەددەر بوو کە گەندووم بێ بەرزقی**

**لە ئادەم بۆ دەبێ بگرێ بەهانە؟**

(وەڵامی ناری بۆ تایەر بەگ)

**سوئالت ئەی سوخنەن سەنجی زەمانە**

**ئەساسی عیجز و تەشویش و مەلانە**

**حەقیقەت قسمەتی ئەحواڵی عالەم**

**دەلیلی زەبت و ئەحکامی نیهانە**

***** ****

**کەسێ عارف بە حوکمی پادشایە!**

**کە مەحرەم بێ بە ڕازی خوسرەوانە!**

**وەلێ مەجبورە فیکرم بۆ جەوابت**

**ئەگەر چی عاجزی دەوری زەمانە!**

## 4

هەمو بەیانییەک زوو، پێش هەڵهاتنی تیشکی خۆر لە بەرزاییەکانی پشتی عەبابەیلێ و شاخی شنروێ، بەشێک لە ژنانی گەڕەکی (جولەکەکان، پاشا، کانی عاشقان) خۆیان و گۆزەکانیان ڕوویان لە (کانی نواڵە) دەکرد. کە کانییەک بوو بەرامبەر ماڵی وەسمان پاشای جاف. (تایەر بەگ)یش لە بانێژە بەرزەکەی ماڵی خۆیانەوە، ڕووەو خۆرهەڵاتی شار و بە دامێنی کانییەکەدا، چاوی پڕ لە عیشقی شۆڕدەکردەوە ڕووەو ڕوخساریی ژنانی شار. تا ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، دڵی شاعیر بە دڵی کیژێکی جولەکەی شاردا نیشتووە. ئەو کیژە پاشتر بوویە کانیاویی شیعریی تایەر بەگ.



ڕۆژێکی تر، وەک ڕۆژانی تری ئەم چیرۆکە ئەڤیندارییە، لەو ساتانەدا ژنانی شار بەدەم پێکەنین و قسەی سەر کانییەوە دەگەڕانەوە بەرەو ماڵ، تایەر بەگ هێندەی تر دڵی هیجرانی کیژێکی جولەکەبوو. تا ئەو ساتانەی (شێوە)ی کچی شاوڵە کەڕی زەرەنگەریی جولەکە، بە خۆشی بێت یان ترسی بەگزادە، دڵی فڕی بۆ لای تایەر بەگ، شاعیریش بۆ ئەو عەشقە چەندین شیعر و غەزەلی ڕۆمانسی نووسیوە، کە دیارترینیان (بە غەمزەی چاوی مەخموری) ئەمیش یەکێکە لە شیعرە زۆر جوانەکانی تایەر بەگی جاف.

**بە غەمزەی چاوی مەخموری سیاهی، مەستی مەی کردین**

**بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین**

**ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من**

**کەچی دەستی لەسەر دانا، لە سەیری باخی بەی کردین**

**بە هەوری پەرچەم و زوڵفی، ڕووخ و ئەبرۆی کە داپۆشی**

**لە شەوقی ڕوئیەتی بەدر و هیلالی یەك شەوەی کردین**

لە شیعرەکەشدا تایەر بەگی جاف، بە (کۆ) قسە دەکات، بەو پێیەی هەندێ پێیان وایە تایەر بەگ ئەم شیعرەی پێشانی (ناری)داوە، یان

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

پێکەوە ئەو دیمەنانەیان بینیووە، بۆیە بە (کۆ) قسە دەکات و بۆ نمونە دەڵێت: (یەک شەوەی کردین، باخی بەی کردین، ئەنواعی مەزەی کردین).

لە ڕۆژی ئاهەنگی گواستنەوەدا، موسوڵمانان و جولەکەکانی هەڵەبجە ئاهەنگێکی گەورە دەگێڕن، وەک دەڵێن سێ شەو و سێ ڕۆژ ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و شادی و نان خواردن بووە لە هەڵەبجە. پاشان بەرهەمی هاوسەرێتییان کوڕ و کچێکی دەبێت بەناوی (بەهییە و ئەکرەم) پاش مردنی تایەر بەگ و گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ ئیسرائیل شێوە و هەر دوو منداڵەکەی دەچنەوە بۆ ئیسرائیل، تا ئێستا هیچ هەواڵێکیان نییە و هاوسەر و دوو منداڵەکەی تایەر بەگ، وەک بەشێکی زۆری شیعرەکانی وون بوون.!

**5**

(تایەر بەگ و ئەحمەد موختار و وەسمان پاشای جاف و عادیلە خانم) ئەم خێزانە چوار کەسییە، ئێستا پێکەوە لە گۆڕستانی گوندی عەبابەیلێ، لە خۆرهەڵاتی هەڵەبجە، لە شوێنێکی چەپەک و فەرامۆشکراودا نێژراون. ئەمە لە کاتێکدا ئەوان ڕۆژگارێک سەردار و دەستڕۆشتوویی ناوچەکە بوون، ئەمە جگە لەوەی (تایەر بەگ و ئەحمەد موختار) دوو شاعیرن و ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەو پێشچوونی زمان و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. دەبوو ئێستا گلکۆی گۆڕەکانیان شوێنێکی تایبەت و گەشتیاریی بوایە و نەوە دوای نەوەی ئەم نەتەوەیە لەسەر گۆڕەکانیان یادی ئەو خزمەت و داهێنانەیەیان بکردایەتەوە کە ئەوان لە زمان و شیعری کوردیدا کردیان.!

زۆر جار کە دەچم بۆ هەڵەبجە، سەر دەدەم لە گۆڕی ئەم دوو شاعیرە و هەمو جارێکیش ئەو کۆپلە شیعرەی ئەحمەد موختار جاف لەسەر کێلی گۆڕەکەی چەند جارێک لەسەر یەک بە بێ دەنگی دەخوێنمەوەو بە نیگەرانییەکی قوڵەوە ماڵئاوایم لەو ئازیزانە دەکەم.. تا چەند ڕۆژێک دوای ئەو سەردانە، بیر لە شیعرەکانی ئەو دوو شاعیرە و بێ منەتی و بێ باکی هاوڵاتی کورد دەکەمەوە لە فەرهەنگ و مێژوویی پڕ لە گەوهەری ڕابردوو. بەداخەوەم.!

**وەختی تێکۆشانە خەڵکینە غەفڵەت تابەکەی**
**واخەزانی کردووە ئێستاکە گوڵزاری وەتەن**
**خۆ وەتەن ئەمڕۆ نەخۆشە ئەم تەبیبی حازیقە**
**چی ئەبێ بیکا موداوا قەلبی بیماری وەتەن**
**کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی مونەووەر تینەتان**
**چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەرد و ئازاری وەتەن**

(ئەم نووسینە بە کەمێ دەسکارییەوە، لە کتێبی لەخەیاڵەوە بۆ خۆڵ- نووسینی کامەران سوبحان بڵاوکراوەتەوە)